به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی پازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

«ڕامان» وەک ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی نووسینی کوردی

وریا ئەحمەد

ئەمڕۆ گۆڤاری ڕامان لە دنیای ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ناوێکی دیارە و بگرە ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانەکەشیەتی، گۆڤاری ڕامان لە زۆر ڕووەوە تایبەتمەندی خۆی پاراستووە و دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ خاوەن کەسایەتی خۆیەتی، چ لە ڕووی ئەلف و بێی نووسین و نەبوونی هەڵەوە بێت، یان لە ڕووی ئاستی ئەو بابەتانەی بڵاویان دەکاتەوە، تا دەگاتە هەڵسوکەوتی ستافی گۆڤارەکە کە بە ڕوویەکی خۆش و بەڕێز و حورمەتەوە پێشوازی لە میوانانیان دەکەن، بە تایبەتی کاک ئازاد عەبدولواحیدی سەرنووسەر کە خەمە گەورەکەی ئەوەیە گۆڤارەکە لە هەموو ڕوویەکەوە جیاواز بێت، بۆیە بۆ ئەو مەبەستە شەونخوونی دەکات و بەو پێیەی چەندین ساڵە هاموشۆیان دەکەم، لە ڕاستیدا کەسێکی لە ڕادەبەدەر ماندوونەناس و دڵسۆز و عاشقی کارەکەیەتی، دەبێ هەموو نووسینەکان بخوێنێتەوە و تێبینی خۆی لەسەریان بنووسێت، بەداخەوە بەو هۆیەوە هەست دەکەم جار دوای جار چاوی ڕووی لە کزییە.

لە گۆڤاری ڕامان شوێنی (هونەر) جێگیرە و هەر جارەی نووسەرێک، یان زیاتر لە بوارە جیاجیاکانی هونەردا بۆی دەنووسن، بۆ خودی خۆیشم کاتێک دوای (٧-٨) ساڵ ئاوارەیی و دوورە وڵاتی بە یەکجاری بۆ باوەشی کوردستان گەڕامەوە، کاک ئازاد چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ئەنجامدام، ئینجا چەندین ژمارەی گۆڤارەکەیشی بە سوپاسەوە بە دیاری پێشکەش کردم، بە تایبەتی ئەو ژمارانەی تێیدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ هونەرمەندانی وەک: شڤان پەروەر، ئەنوەر قەرەداغی، ناسری ڕەزازی و هی دیکەیش ئەنجام دابوو، لە ڕاستیدا ئەو چاوپێکەوتنانە کە بە نەفەسێکی درێژ ئەنجامی داون، سەیرم کرد وەک هونەردۆستێک زۆر زیرەکانە پرسیاری ئاراستە کردوون و بە وردی دوای وەڵامەکانیشیان کەوتووە و لەوانیشەوە پرسیاری دیکەی دروست کردووە و ئاراستەی کردوون، دواتریش هەندێ لەو چاوپێکەوتنە درێژ و نایابانەی وەک (نامیلکە)ی سەربەخۆ بڵاوکردووەتەوە.

ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور بەدەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و هەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامە و...تاد دەردەچن و بڵاودەبنەوە، زۆرێک لەوانە تا ئەمڕۆ دیمانەیان لەگەڵدا کردووم، بەڵام بە ئەمانەتەوە دەیڵێم: تا ئەمڕۆ کەم چاوپێکەوتنی وەک ئەوەی کاک ئازادم لەگەڵدا ئەنجام دراوە! کە لە زۆر ڕووەوە وەک ئەو چاوپێکەوتنەی ئەو باش بووبێت. بۆ نموونە لەو چاوپێکەوتنەی کاک ئازاددا کەمی، یان دەگمەنی هەڵەی نووسین لە کاتی بڵاوکردنەوە بەدی دەکرێت، بۆ ئەو پرسیارانەش کە دیارە هەڵیان دەبژێرێ و دیارە زووتر پلانی بۆ داڕشتووە و بیری لێ کردوونەتەوە، بۆیە دەزانێت چی لەهونەرمەندەکە دەپرسێت، دواتریش وەک گوتم: پێ بەپێ ئاگاداری وەڵامەکانی هونەرمەندەکەیە و زیرەکانە لەگەڵی دەبێ و دواتر لە وەڵامەکانییەوە پرسیاری تری زیرەکانە دەوروژێنێت، کە ئەمەش بەڕای من لەوەوە هاتووە ئەو مرۆڤە هونەردۆستە و لە دنیای موزیک و ئاواز و مەقامیش بەتایبەتی باکگراوندێکی باشی هەیە، بۆیە بەو پێیە بە قووڵی دەچێتە ناو کاکڵەگوێزی بابەتەکانەوە و بەو نەفەسە درێژەش دەیکا، ئەمەش بێ ئەوەی هونەرمەندەکە بێ تاقەت بکات، یان لەسەر دڵی گران بێت.

بۆیە بەو هۆیانەوە ڕامان چاوەنواڕی زیاتری لێ دەکرێت و خۆزگە لێرەودوا وەک (دەزگا) ئاوڕی دڵسۆزانەی لێ بدرێتەوە، مەبەستم وەک هەندێک دەزگای دی ببێتە خاوەنی جێگە و ڕێگەی شیاوی خۆی، تا بتوانێت لەو کەشە لەبارە نوێیەدا ئەسپی داهێنانی خۆی زیاتر تاوبدات و وەک هەمیشە و وەک ئەمڕۆ جێگەی شانازی هەمووان بمێنێتەوە.